وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
ژمارەی : ١٧٧٧١ لە ٢٠١٩/١٠/٢٨

## ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٩

## ڕێنمایی خوێندنی باڵا / دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لەزانکۆ حکومییەکانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٩- ٢٠٢٠)

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١) و (٢٠١٩/١٠/٦) ئەنجام درابوو، بڕیاردرا بە دەرکردنی ڕێنمایی خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومییەکانی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە: -

**تەوەری یەکەم/ مەرج و ڕێنماییەکانی پێشکەشکردن:**

**١- مەرجی تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆس:** تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار ڕەچاوناکرێت بۆ پێشکەشکردن، واتە هەر پێشکەشکارێک تێکڕای نمرە (معدل)ی (٥٠%) بێت ئەوا مافی هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە خوێندنە بکات.

**٢- مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی:** مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە لایەن لیژنەی زانستی ئەو بەشە دادەنرێت کە ئەم جۆرە خوێندنە دەکاتەوە، بە مەرجێک لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژ و ئەنجومەنی زانکۆ پەسەند بکرێت و دواتر پێویستە ڕەزامەندی وەزارەت سەبارەت بە مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی وەربگیردرێت.

**٣- مەرجی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:**

أ. مەرجە پێشکەشکار لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت (واتە مەرجە بە لایەنی کەم (١٥) نمرەی لە (٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە بە دەرنەچوو دادەنرێت و مافی چوونە پێشبڕکێی نییە).

ب. پێویستە لیژنەیەکی زانستی تایبەت لەسەر ئاستی کۆلیژ/فاکەڵتی/سکول یان بەش سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات.

ج. پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایان، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

**٤- مەرجی تەمەن :** میچ (سقف)ی تەمەن مەرجە بۆ پێشکەشکردن، واتە نابێت تەمەنی پێشکەشکار لە (٤٠) ساڵ زیاتر بێت (لەسەر بنەمای ساڵی لە دایکبوون)، ئەو پێشکەشکارانەی تەمەنیان لە (٤٠) چل ساڵ زیاترە، دەتوانن بە شێوازی پاراڵێل پێشکەش بکەن.

**٥- مەرجی ساڵانی خزمەت و تێپەڕبوونی ماوەی پێویست بەسەر دەرچووندا:**

أ. بۆ خوازیارانی دامەزراو (واتە فەرمانبەری هەمیشەیی بن لە یەکێک لە داموده‌زگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، پێشکەشکار مەرجە (٢) دوو ساڵی تەواوی خزمەتی فیعلی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دامەزراندنی هەبێت تا ڕێکەوتی دەستپێکردنی خوێندنەکە، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردن و وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنی نابێت.

ب.ئەو خوازیارانەی کە دانەمەزراون لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ هەبوونی مەرجی دوو ساڵ دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس مافی پێشکەشکردنیان هەیە و پێویستە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکەن کە لە هیچ دامودەزگایەکی میری (حکومی) دانەمەزراون. بە پێچەوانەوە خوێندنەکەی هەڵدەوەشێتەوە و ڕێکاری یاسایی بەرامبەری دەگیردرێتەبەر.

**تەوەری دووەم/ ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:**

پێوەرەکانی پێشبرکێ لەسەر بنەمای نمرەی بەکالۆریۆس و نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. تێکڕای نمرەی (٥٠%)ی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکارێک تێکرای نمرەکەی (٥٥%) بوو (٥) پێنچ خاڵی پێ دەدەرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، ئەگەر پێشکەشکارێکی دیکە تێکرای نمرەی (٥٨%)ی هەبوو ئەوا (٨) هەشت خاڵی بۆ زیاد دەکرێت، بۆ نمرەکانی تریش هەمان ئەو پێوەرە پەیرەو دەکرێت).

ب.لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر (٣٠) نمرە ئەنجام دەدرێت و بەدەستهێنانی نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت، واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت (بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار نمرەی (١٦)ی هێنا لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، ئەوا (١) یەك خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ، ئەگەر نمرەی (٢٠) بیستی هێنا ئەوا (٥) پێنچ خاڵی پێ دەدرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ...هتد).

**تێبینی/** هەردوو خاڵەکانی بەدەستهاتوو لە نمرەی بەکالۆریۆس و نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی کۆدەکرێنەوە و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بە پێی ڕێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن.

**تەوەری سێیەم/ مەرج و پێداویستی کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی:**

١. بۆ کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە هەر بەشێکی زانستی مەرجە بە لایەنی کەم (٤) چوار هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا یان (٤) چوار هەڵگری پلەی زانستی (مامۆستا) هەبێت کە پسپۆڕی گشتیان لە هەمان پسپۆڕی بەشەکەیە و مەرجیشە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەشی زانستی بن یان خانەنشینکراوی هەمان بەش بن یاخود گرێبەست یان تەنسیبکراو بن لە هەمان ئەو بەشە یاخود شەراکەتی ئەکادیمیان لەگەڵ زانکۆکان هەبێت لە ڕێگەی ڕێکەوتننامە و خستنەڕووی بە دۆکیومێنت ، لێرەدا پێویستە ئەو بەڕێزانە کە ستافی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر.

٢.ئەو زانکۆیانەی کە دەیانەوێت خوێندنی دبلۆمی یەك ساڵەی ئەکادیمی لە هەر بوارێک بکەنەوە، مەرجە بەشەکە لە زانکۆکە هەبێت.

٣. سەبارەت بەو بەشانەی کە دەیانەوێت بۆ یەکەم جار خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بکەنەوە و مەرجەکانی خاڵی (١ و ٢) یەك و دوو و سێی سەرەوەیان تێدایە، دەتوانن پڕۆپۆزەلی کردنەوەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی پێشکەش بە وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان بکەن بۆ مەبەستی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی.

**تەوەری چوارەم : پێداویستیە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی:**

١.خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە شێوازی بۆلۆنیا پرۆسێس (Bologna Process) دەبێت و (ECTS 60) بۆ هەردوو سیسمتەرەکە تەرخان دەکرێت، واتە هەر سیمستەرێک (ECTS 30)ی بۆ تەرخان دەکرێت و لە لایەن لیژنەی زانستی بەش بابەتەکان دیاری دەکرێت کە پێویستە سەرجەم بابەتەکان پەیوەندیدار بێت بە پسپۆری خوێندنی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار.

٢. ووردەکاری شێوازی خوێندنی کۆرسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە فەرمانی وەزاری دەردەچێت.

٣. لە هەر سیمستەرێك پێویستە قوتابی/خوێندکار (Article Review) لە یەكێك لە بابەتەکانی سیمستەرەکە بنووسێت کە بابەتەکە لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت.

٤. لەم جۆرە خوێندنەدا نووسینی (اطروحة) پێویست نییە.

٥.مەرجە قوتابی/خوێندکار لە تاقیکردنەوەی کۆرسەکان دا نمرەکەی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە هەر یەک لەو بابەتانە و لە کۆتایی هەردوو وەرزەکەدا تێکڕای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە بەپێی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا سرینەوەی ناو (ترقین القید) دەکرێت.

٦. ئەگەر قوتابی/ خوێندکار لە سیمستەری یەکەم لە نیوەی زیاتری بابەتەکان کەوت، ئەوا سڕینەوەی ناو (ترقین قید) دەکرێت و مافی چوونە نێو کۆڕسی دووەمی نابێت.

٧. دەکرێت لیژنەی زانستی بەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی کۆلێژ هەر پێداویستیەکی دیکە لە ماوەی خوێندنەکە زیاد بکات بۆ قوتابیان و خوێندکاران بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکە کە لە خاڵەکانی سەرەوە نەهاتووە، بە مەرجێك ناكۆك نەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

٨. ماوەی هەر کۆرسێك بریتی دەبێت لە (١٥) پانزە هەفتە بە تاقیکردنەوەکانیشەوە.

٩. لە خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی (ECTS 1) بە (٢٥) کاتژمێر ئەژمار دەکرێت.

**تەوەری پێنجەم: تێبینیە گشتیەکان:**

١. بڕوانامەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بەکاردێت بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی نمرە (تحسین معدل)ی بەکالۆریۆس تاوەکو دواتر پێشکەشکار بتوانێت پێشکەشی خوێندنی باڵا/ماستەر بکات کە ڕێژەی (٦٠%)ی کۆنمرەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و (٤٠%)ی کۆنمرەی بەکالۆریۆس کۆدەکرێنەوە و دەبێتە نمرەی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر.

٢.لە کاتی پێدانی بەخشینی بڕوانامەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە لایەن زانکۆکان، پێویستە بە ڕوونی لەسەر بڕوانامەکە ئاماژە بدرێت کە ئەم بڕوانامەیە ئەکادیمیە و بۆ مەبەستی ئەکادیمی و بەرزکردنەوەی نمرەی بەکالۆریۆس بەکاردێت بە مەبەستی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

٣. بڕوانامەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بۆ مەبەستی زانستی و ئەکادیمی بەکاردێت و ماف و ئیمتیازاتی دارایی و کارگێری لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم دەستنیشان دەکرێت.

٤.هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبێت تا دوایین ڕۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت و یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا بەرپرسیارن لە وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەی توانستی زانستییان هەیە، هەروەها لیژنە تایبەتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چاودێری و وردبینی دۆکیومێنتەکان و پرۆسەی پێشکەشکردن دەکەن.

٥.مۆڵەتی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) دەبێت بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ فەرمانبەرانی دامەزراو بە شێوەی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق.

٦.دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی هاوشێوەی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە خوێندنی دەوامی بەیانیان دەبێت، نابێت دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە خوێندنی دەوامی ئێواران بێت.

٧.ماوەی خوێندن بریتییە لە (١) یەک ساڵی ئەکادیمی، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلیژ/فاکەلتی/سکولە کە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچە ماوەکە درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچە ماوەکە درێژی بکاتەوە (کە دوایین درێژکردنەوەیە). بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکاری دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقین القید)ی لە خوێندن لە لایەن زانکۆوە بۆ دەردەچێت.

٨.پێویستە ئەو پێشکەشکارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دا بێت ئەوا هەموو بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ، هەروەها سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی لە خوێندن بۆ دەکرێت.

٩.بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت مامەلە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ دەرئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ( واتە ژمارەکان جبر ناکرێن و کێرڤ نادرێت لە کاتی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی).

١٠. بە هیچ شێوەیەك ناکرێت قوتابی/ خوێندکار خوێندنەکەی لە زانکۆیەك بگوازێتەوە بۆ زانکۆیەکی دیکە ناوەوەی هەرێمی کوردستان یاخود دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی وڵات، یان بە پێچەوانەوە.

١١. ئەگەر لە بەشێکی زانستی بە تەنها یەك قوتابی/ خوێندکار وەرگیرا، دەتوانێت دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکات بە مەرجێک لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پرسیاری تاقیکردنەوە و هەڵەچنینی پەراوی تاقیکردنەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام زانکۆکان سەرپشکن لە کردنەوەی یان نەکردنەوەی خوێندن بۆ تەنها یەک قوتابی/خوێندکار.

١٢.ئەگەر پێشکەشکار زانیاری نادروستی دابێت لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن یاخود لە گشت قۆناغەکانی خوێندن، ئەوا هەموو بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی، هەروەها سڕینەوەی ناو (ترقن قید)ی لە خوێندن بۆ دەکرێت.

١٣.هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری زانستە گشتیەکان مافیان هەیە پێشکەشی یەکێک لە پسپۆرییەکانی کیمیا و فیزیا و بایلۆجی بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بکەن و دواتر دوای تەواوکردنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە سەرکەوتوویی دەتوانن پێشکەشی خوێندنی باڵا/ماستەر لە بوارەکانی کیمیا و فیزیا و بایلۆجی بکەن، هەروەها هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان مافیان هەیە پێشکەشی یەکێک لە پسپۆرییەکانی مێژوو و جوگرافیا بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بکەن و دواتر دوای تەواوکردنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە سەرکەوتوویی دەتوانن پێشکەشی خوێندنی باڵا/ماستەر لە بوارەکانی مێژوو و جوگرافیا بکەن.

١٤.بە هیچ شێوەیەک یەدەگ (إحتیاط) لە خوێندنی باڵا بوونی نییە، بەڵکو تەنها وەرگیراو بوونی هەیە.

١٥.مەرجە خوازیار پێشکەشی هەمان بواری خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بکات لەسەر بنەمای پسپۆڕی بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی.

١٦.دەرچووانی زانکۆ تایبەتەکانی دانپێدانراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، بۆیان هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە خوێندنە بکەن بە پێی مەرج و شێوازەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە.

١٧.پاڵپشت بە ڕادەربرینی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠١٤/١٣) لە (٢٠-٧-٢٠١٧)، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆیان نییە پێشکەشی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا بکەن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەورووەها پاڵپشت بە کۆبوونەوەی (لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا)ی ئەنجامدراو لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٢/١٥) و هەروەها پاڵپشت بە ڕادەربرینی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠١٧/١١) لە (٩-٧-٢٠١٧) و گشتاندنی وەزارەت ژمارە (١٠٠٧) لە (٢٠١٧/٨/٢) بەڕێزان (خاوەن پلە تایبەتەکان- أصحاب الدرجات الخاصة) تاوەکو لەو پۆستەدا بن بۆیان نییە پێشکەشی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا- ماستەر- دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەن لەبەرئەوەی ناتوانرێت خوێندن و ئەو جۆرە پۆستە پێکەوە راهی بکرێت.

١٨.هاوڵاتی عێراقی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی عێراق بۆیان هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە خوێندنە بکەن بە شێوازی پاراڵێل و مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە.

**تەوەری شەشەم: پلان و ژمارەی کورسیەکان:**دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ڕێگەی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بە فەرمی داوای پلان لە زانکۆکان دەکات، زانکۆ هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە پێی ڕێنماییەکان و ژمارەی کورسیەکان دیاری دەکات و لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆکەوە پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت بە رەچاوکردنی ئەو مامۆستایانەی میچ و مەرجی سەرپەرشتیکردنیان بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦)ی تێدا هەیە و دواتریش لە لایەن وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەندەکرێت، کورسیەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان دەکرێت:-

**١- کورسیە گشتیەکان بە شێوەی خۆرایی** دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- ژمارەیەك لە کورسیەکان بە پێی ڕێژەی خاڵی (١)ی سەرەوە تەرخان دەکرێت بۆ (زانکۆکان و زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان)، لەم حاڵەتەدا تەنها خوازیارانی میلاکی ئەو زانکۆیانەی کە کورسیان بۆ تەرخانکراوە بۆیان هەیە پێشبرکێ لە نێوان خۆیان بکەن لەسەر ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆیان تەرخان کراوە، ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی ڕێژەی کورسی تەرخانکراو لە پلان وەردەگیرێت.

ب- کورسیەکانی دیکە دەبێت بە (کورسی گشتی) کە هەموو پێشکەشکارێکی دامەزراو بە شێوەی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی هەیە پێشکەشی بکات و لە نێوان خۆیان پێشبرکێ بکەن لەسەر ژمارەی کورسیەکان، ئەو پێشکەشکارانەی زۆرترین خاڵ بەدەست دەهێنن بە پێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێن.

**٢- کورسی بە شێوازی سیستمی پاراڵێل** بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- ڕێژەیەک لە کورسیەکان بە شێوەی پاراڵێل تەرخان دەکرێت بۆ گشت پێشکەشکاران واتە ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی یان دامەزراون لە دامووەزگاکانی حکومەت بۆیان هەیە پێشکەشی کورسیەکانی پاراڵێل بکەن.

ب- پێشکەشکردن لەسەر ڕێژەی کورسیەکانی پاراڵێلی خاڵی (أ)ی سەرەوە بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی پلان و ژمارەی کورسیەکان وەردەگیرێت.

**تێبینی /**

أ. هەرکاتێک کورسی بەتاڵ مایەوە بە گشت جۆرەکانی کورسی تەرخانکراو، ئەوا بە هیچ شێوەیەك کورسییەکان پڕ ناکرێتەوە.

ب. هیچ زانکۆیەک بۆی نییە کورسی خوێندن زیاد بکات بۆ پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە.

ج. بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسیەکان لە هەر بەشێك، پێویستە میلاکی ستافی ئەو بەشە و ڕەچاوکردنی میچی سەرپەرشتیکردن بە گوێرەی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) و پێداویستی ڕاستەقینەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بکرێتە پێوەری سەرەکی، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی خوێندنی باڵا چاودێری و وردبینی پلانەکانی خوێندن دەکات.

د.کورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەک تەرخان ناکرێت، بەڵکو فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوانە دەتوانن لەسەر کورسیەکانی گشتی و کورسیەکانی پاراڵێل پێشکەش بکەن.

ه. لە حاڵەتی تەرخانکردنی کورسی بۆ زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان مەرجە کورسی لە پسپۆری داواکراو وەکو بەش لە زانکۆ نوێیەکان و پۆلیتەکنیکیەکان بوونی هەبێت.

و. پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی پێشکەشکردنی کورسی هەڵبژێرێت، واتە نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی خوێندن بکات.

**تەوەری حەوتەم: سەبارەت بە لایەنی دارایی خوێندن:**

١- بۆ ئەو خوازیارانەی لەسەر کورسیە گشتیەکان بە شێوەی خۆرایی وەردەگیردرێن، ئەوا گشت تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی ئەو زانکۆیە دەبێت کە خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی کردۆتەوە.

٢- ئەو خوازیارانەی لەسەر کورسی پاراڵێل وەردەگیردرێن، ئەوا تەواوی تێچووی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە ئەستۆی قوتابی/خوێندکار دەبێت، بۆیە پێویستە پێشکەشکار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پڕبکاتەوە کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

٣- دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، کرێی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە شێوازی پاراڵێل لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆکانەوە پێشنیار دەکرێت و لە لایەن وەزارەت/فەرمانگەی توێژینەوەی پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی کارگێری و دارایی پەسەند دەکرێت.

**تەوەری هەشتەم:**

١. ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و هەر ڕێنماییەکی تر لەمەو پێش دەرچووە کە ناکۆك و پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە، ئەوا کاری پێناکرێت.

٢. هەروەها لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨)ی خوێندنی دبلۆمی باڵای پیشەیی هەڵدەوەشێتەوە و کاری پێناکرێت، ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە لە ئێستادا دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی دەخوێنن و وەرگیراون بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨) دەتوانن بەردەوام بن لە خوێندنەکەیان یاخود بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی زانکۆ دەتوانرێت خۆیان لەگەڵ ئەم ڕێنماییە بگونجێنن بە مەرجێک بڕوانامەی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی لە هەمان بەش بێت.

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بریتییە لە دروستکردنی هەلی دەرفەتی خوێندن بۆ ئەو خوازیارانەی کە دەیانەوێت درێژە بە خوێندنی باڵا/ ماستەر بدەن لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام کۆنمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمترە، بۆیە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و سوودمەندبوونی خوازیاران، ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕێنمایی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی دەرکرد.

**د.ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندی باڵاو توێژینەوەی زانستی**